# فڕین لە دۆزەخدا بڵاودەکرێتەوە

■ ئا: شکار ئەحمەد

دوایین ڕۆمانی وریا مەعرووف بەناوی (فڕین لە دۆزەخدا) بڵاوکرایەوە کە باس لە سیستەمی پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگە و کاریگەرییەکانی لەسەر منداڵان دەکات.

وریا مەعرووف بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕۆمانەکە باس لە سیستەمی خێزان، کۆمەڵگە، نەریت و پەروەردەی خراپ دەکات کە چۆن ژیانی منداڵان دەکات بە دۆزەخ، ئەوان لەبری پێگەیاندنی مرۆڤ ئامێرێک دروستدەکەن، گەورەیی و بەهای مرۆیی پێدەشکێنن".

گوتیشی: " ڕۆمانەکە گوزارشت لە ئازایەتی و بوێری و ژیریی کوڕێک دەکات کە چۆن بەرەنگاری نەهامەتی و ئاستەنگەکان دەبێتەوە، سەرەڕای خراپیی باوان و پەروەردە و کۆمەڵگە، ئەم ڕۆمانە واقیع و حەقیقەتی کۆمەڵگەی کوردی نیشاندەدات، کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە بوێرانە بەرەنگاری ستەمە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە و دوای ئەوەی ناتوانێت بیرکردنەوەی دەوروبەری بگۆڕێت، ژیانی خۆی دەگۆڕێت و بەدوای بوونی خۆیدا دەگەڕێت، بوێرانە ئەو پەروەردە و ئەو خێزانەی کە بەردەوام شکاندوویانە و کەسایەتییەکی شەرمن و ترسنۆکیان پێبەخشیوە بەجێدەهێڵێت و لەشوێنێکی دیکە دەست بە ژیان دەکاتەوە و خۆی دەدۆزێتەوە".

ڕۆمانەکە لەلایەن خانەی موکریانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.




# تابووتی خۆڵەمێش چاپکرا


■ ئا: شکار ئەحمەد

ڕۆمانی تابووتی خۆڵەمێش، یەکەم بەرهەمی چاپکراوی دابان عەتارە، ڕۆمانێکە لە دووتوێی 141 لاپەڕەدا و لە سێ بەش پێکدێت.

نووسەر لەبارەی ڕۆمانەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ڕۆمانە هەوڵێکە بۆ لادان لە شێوازە باوەکانی نووسینی ڕۆمان، هەوڵێکە بۆ ئەزموونکردنی ڕێگایەکی نوێ بۆ دارشتنی نەخشەی بینای گێڕانەوە لە ڕۆماندا، بەشێوەیەک خوێنەر بتوانێت لە هەر دەرگایەک لە باڵەخانەی دەقەکە بچێتە ژوورەوە، ئەم ڕۆمانە پێکدێت لە سێ بەش کە هەر بەشێکیان بەشێوازێکی جیا لەوانی دیکە نووسراوە، خوێنەر سەرپشک کراوە لە کام بەشەوە بۆ نێو باڵەخانەی ڕووداوەکان دەچێت".

دابان عەتار گوتیشی: "نامەوێ باس لە گرێچن ( Plot ) ی ڕووداوەکان بکەم، تاوەکو تامەزرۆیی خوێنەر بۆ چوونەژوورەوەی باڵەخانەکەم نەشکێنم، لەبارەی ناوەڕۆکیشەوە ئەوەی من دڵم پێیخۆشە نەخشە و دارشتن و زمانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیە، بەبڕوای من فۆرم و زمان وەک کڵێشە لە ئەدەبدا گرنگن و بابەت دەبێت دوای ئەوان ناوی بهێنرێت، کە هەر نووسەرێک لە پێناوی تێگەیشتنەکانی لە پەنای ئەو فۆرمە ئەدەبییەی بۆ دەقەکەی دارشتووە ماناکانی دەگەیەنێت، بۆیە من پێمباشە پێش هەر شتێک وەک دەقێکی ئەدەبی لە کتێبەکەم بڕوانرێت".

دابان عەتار نووسەرێکی گەنجە و کتێبێکی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ، ئەو گوتی "کۆمەڵە چیرۆکێکم لە دووتوێی کتێبێکدا ئامادە کردووە کە لە ئایندەدا چاپ و بڵاوی دەکەمەوە".




# ڕۆمانی "قاوەی ساردی کاکی نووسەر" ئێستا لە بازاڕە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانی "قاوەی ساردی کاکی نووسەر" کە ڕۆمانێکی فارسییە و لە نووسینی ڕوزبە موعینە، لەلایەن نووسەر و وەرگێڕ سەلاح بەهرامی کراوەتە کوردی.

سەلاح بەهرامی لەبارەی ڕۆمانەکە دەڵێت: "ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە بریتییە لە چیرۆکی عەشقی سەردەمی منداڵیی کەسێک کە پاش گەورەبوونی هەوڵ دەدات بەو عەشقە بگات. لە دووتوێی ئەم چیرۆکەدا نووسەر چیرۆکی دیکەش دەخولقێنێ و خوێنەر لەگەڵ خۆی دەبات بۆ دونیا و خەیاڵ و سەردەمی جیاواز. نووسەر لە ژێر چەتری ئەم چیرۆکەدا زۆر پەیامی قووڵی مرۆیی هەیە کە بۆ خوێنەری دەگوازێتەوە، وەکوو ئاڵۆزییەکانی ناخی مرۆڤ، تەنیاییەکانی، دابڕانەکانی، گلەییەکانی و ... هتد".

گوتیشی کە وەرگێڕانی ڕۆمانەکە بە زمانێکی ئاسان و ڕەوان کراوە بۆ ئەوەی هەموو کەس بە تەواوەتی لە ڕۆمانەکە تێبگەن.




# دابەزینی بەهای تومەن پێشانگای کتێبی سنەی ساردوسڕ کرد

■ ئا: شادی نیکخا

ئەمساڵ هاوکات لەگەڵ پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێبی هەولێر، لە شاری سنەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەشتەمین خولی پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب ، لە ڕۆژانی 10 تا 15ی تشرینی یەکەم بەڕێوەچوو.

جیاوازیی زۆری بەهای تومەنی ئێرانی بەراورد بە دیناری عێراقی، بووە هۆی ئەوەی ئەمساڵ دەزگاکانی چاپ و پەخشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەتوانن لە پێشانگاکەی هەولێردا بەشداری بکەن. ئەو دەزگایانەشی کە لە باشوورەوە لە پێشانگاکەی سنەدا بەشدارییان کرد، فرۆشیان زۆر کەمتر بوو لە ساڵانی ڕابردوو.



لەوبارەوە دانا فایەق بەرپرسی ژووری کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە پێشانگای سنە، بە ئەدەب و کولتووری ڕووداوی ڕاگەیاند: "ئەمساڵ دابەزینی بەهای تومەن کاریگەریی زۆری کردە سەر فرۆشی کتێبمان لە پێشانگای سنە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەمساڵ ئێمە لەبەر ئەو قەیرانە دارایيەی بەرۆکی ئێرانی گرتووە، 60 بۆ 65% داشکاندنمان بۆ کتێبەکان کردبوو، بەو حاڵەشەوە دەتوانم بڵێم لە چاو ساڵی ڕابردوو ڕێژەی فرۆشی کتێبەکانمان نزیکی ٧٠% کەمتر بووە، چونکە هەرزانترین کتێبمان ئەگەر بە 1000

دیناریش بێت، بۆ ڕۆژهەڵاتییەکان دەیکردە 12 هەزار تومەن و هێشتا هەر بۆ ئەوان گران دەکەوت."

ئەمساڵ هەشت دەزگای چاپ و پەخشی کتێب لە باشوورەوە چووبوونە پێشانگای کتێبی سنە .

# تایبەتمەندیی ئەفسانە کوردیی

قاسم تاباک

یۆنگ دەڵێ: "هەرچی بیروڕای زانستی زیاتر دەبێ، دنیای مرۆڤ غەیرەئینسانیتر دەبێ، چونکە پەیوەندیی عاتفیی نائاگا (ناخۆوریا)ی ڕووداوەکانی سروشتی لەدەست داوە. ڕووداوەکانی سروشتیش وردە وردە مانای هێمایی خۆیان لەدەستداوە. ئیتر نە چۆمەکان پەناگای ڕۆحن و نە دار سەرچاوەی ژیانی مرۆڤە. ئیتر دار و گیا و گیانلەبەرەکان لەگەڵ مرۆڤ نادوێن و مرۆڤیش لەگەڵ ئەوان نادوێ.

مرۆڤی ئەمڕۆ نازانێ تا چ ڕادەیەک ئاوەزخوازی، لە بەرامبەر دنیای شاراوەی دەروونی ئەودا دەلەرزێ.

مرۆڤی ئەمڕۆ، خۆی لە خورافات دوورخستۆتەوە، بەو کارە بەشێک لە بایەخەکانی مێشکی خۆی تا ڕادەیەکی ترسێنەر لەدەستداوە. نەریتی ئەخلاقی و زەینیی ئەو ڕووخاوە. باجی ئەو ڕووخانەش، ئەو سەرلێشێواوییەیە کە ژیانی ئەوی داگرتووە.

ئەفسانە، نهێنییەکانی پێشینانی ئێمەن، ئەو نهێنییانەی نەیانتوانیوە بەڕاشکاوی دەریبڕن. هەر ئەو نهێنییانە بوونەتە زمانی هێمایی بۆ دێو و درنج و بابەتی لەم چەشنە.

دنیای ئەفسانە پڕە لە ڕاستی. پڕە لە ئاوات و ئارەزوو و حەز. میرچا ئەلیا دەڵێ: " ئەفسانە مێژوویەکی پیرۆز دەگێڕێتەوە."

ئێسکیمۆییەکان بۆ سەلماندنی مێژووی پیرۆز و نەریتە ئایینییەکانی خۆیان دەڵێن: " ئاوایە، چونکە گوتراوە کە ئاوایە."

کارڵ ئابراهام لایەنگری فرۆید، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئوستوورە بیرەوەریی دابونەریتێکن لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا باو بووە. بەڵام پاشان پێشی گیراوە و وردە وردە خراوەتە ژێرچەپۆکە و بەشێوەی ئاواتە نەگوتراوەکان لەنێو نائاگایی کۆمەڵدا ماوەتەوە.

ئوستوورە و حەکایەت و ئەفسانە لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە لەوانەیە ئەو سێ مانایەی هەبێ:

1- مانای زەمینی: کە لە ڕاستیدا مانای ڕواڵەتی حەکایەتە. بەشێوەی حەکایەتی حەماسی سەبارەت بە خەڵک یان ڕووداوێکی مێژوویی. ئەو مانایە جاری وایە شێوەی پەند و ئامۆژگاریی هێمای حەکایەتە.

بۆ خوڵقێنەرانی ئوستوورە و ئەفسانەکان زۆر ئاسان بووە کە ڕووداوێکی مێژوویی بخەنە نێو وشەگەلی هێماییەوە. ئوستوورە لە حەکایەتەکاندا بە شێوەی چیرۆکێکی ئەشقی خۆدەنوێنێ کە لەوێدا شازادە دوای ئەو هەموو کوێرەوەرییە بە دڵدارەکەی دەگا.

2- مانای واوە زەمینی: پەیامی فێرکاری و ئامۆژگاریی حەکایەتەکەیە، نمایشکردنی شەڕی نێوان ڕۆح و مادە لە مرۆڤدایە. ئەم بەشە لەڕاستیدا ڕووناککەرەوەی ماکەکانی پێکهاتەی ناخی مرۆڤە. لەم ڕوانگەیەوە پادشای پیر هێمای نابەئاگایە.

3- مانای قووڵایی و دەروونیی حەکایەت: لێرەدا شای پیر هێمای نابەئاگای گشتییە. ئەو مانایە لەڕاستیدا هەوڵدانێکە بۆ ڕێکخستنی هێزی سروشت و ئەوپەڕی سروشت.

لەنێو ئەفسانەکاندا هەر شتێکی کە دەیگێڕنەوە و دێتە نێو مەیدانی ئەفسانەوە، مانایەکی تایبەتی خۆی هەیە، واتا مانای هێمایی. بەڕواڵەت ئێمە بەسەریاندا تێپەڕ دەبین و بێجگە لەو ئەرکەی کە هەیەتی و بە ئەنجامی دەگەیەنێ، شتێکی دیکەی تێدا نابینین. بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی هێماییەوە بڕوانین، هەموو مانایەکی دیکەی هەیە، بێجگە لە مانای ڕواڵەتیی خۆی.

تایبەتمەندیی ئەفسانە کوردییەکان:

1- فۆرم: هەروەک دەزانین هەموو حەکایەت و ئەفسانەیەک بە فۆرمێکی تایبەت دەستپێدەکا. فۆرمی دەستپێکردنی ئەفسانە کوردییەکان بریتین لە: یەکێک بوو، یەکێک نەبوو (هەبوو، نەبوو). هیچ کەس لە خوا گەورەتر نەبوو.

**

یەکی بی یەکی نەوی
غەیرەخودا کەسێ نەوی
کۆسە مرد، کفن نەوی
کفن لە هەمیان بی
سەگ سیە لێو بان بی
چمچە کۆڵە ملوان بی
چغچغ دار گردەکان بی
لە بنە درۆزنتر نەوی
لە کۆرا بگریم لە کۆرا بشنەوم
لە دۆتیل هەرسینی
چاوەیلیان چون پیاڵەی چینی

***

دوای ئەوە بێژەری حەکایەت دەڵێ: ڕۆژێک بوو ڕۆژگارێک بوو... دوایە وردە وردە دەچێتە نێو حەکایەتەوە دەڵێ: پاشایەک بوو یان پیاوێک بوو یان ...

ئەوجا حەکایەت و ئەفسانە دەستپێدەکا.

لە کۆتاییشدا دەڵێ: کاڵەم دڕا، چم پێ نەبڕا !

یان

چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، داغت نەوینم هەرگیزای هەرگیز.

2- کاراکتەرەکان: سەبارەت بە تایبەتمەندیی کاراکتەر و ناوەڕۆکی ئەفسانە کوردییەکان، دەتوانین بڵێین کە ئەو کەسایەتییانە تەنیا هی کورد نین. چونکە زانستی مرۆڤناسی، ئوستوورە بە پاشماوەی ئایینە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەزانێ. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین ئوستوورەکان بە بنەمای ئایینی ڕابردوو دابنێین.

جێپەنجەی بڕوا ئایینییەکانی سەرەتای ژیانی مرۆڤ لەسەر ئوستوورە و ئەفسانەکان دەبینرێ. لەبیرمان نەچێ زۆر لە ئەفسانە و حەکایەتە ئایینییەکان ڕیشەی ئوستوورەییان هەیە.


تەوتەمپەرستی، شەڕی چاکەیە لەگەڵ خراپە، شەڕی ڕووناکی لەگەڵ تاریکی، سازکردنی ئینسان لە خاک یان بەسەرهاتی تۆفانێک کە بێجگە لە چەند کەسی زانا لە نێو کەشتییەک، هەموو دنیای لەناو بردووە. بە لانی زۆرەوە بەسەرهاتی ئەم تۆفانە لە ئەفسانەکانی هەموو گەلاندا هاتووە.

لە ئەفسانە و حەکایەت و ئوستوورەکانی ئێمەی کوردیشدا هاوبەشییەکی زۆر لەگەڵ ئەفسانە و ئوستوورەکانی فارس و تورک و هیندیدا هەیە. زۆر لە کەسایەتی و نێوەڕۆکی ئوستوورە و ئەفسانەکانمان هەر یەکە و بۆ یەک ڕیشە دەگەڕێنەوە. تا ئەو جێگایەی بە بڕوای ئیمانوێل کۆکن ئاڵاهەڵگری گریمانەی هیندی، تەواوی ئەفسانە جادووییەکانی دنیا لە هیندەوە سەرچاوە دەگرن. نامانەوێ بۆ ڕاستی و ناڕاستیی ئەو گریمانەیە خۆ لە قەرەی ئەو باسە بدەین، بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین کە زۆر لە ئوستوورە و ئەفسانەکان، کاراکتەر و نێوەڕۆکیان لە یەک وەرگرتووە.

کاراکتەری نێو ئەفسانە کوردییەکان:

1- شازادە: لە زۆربەی ئەفسانە کوردییەکاندا شازادە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. شازادە یان تاقانەیە یان خۆی دەکاتە کوڕە چکۆلە یان سێهەمین کوڕی ماڵ، ئەگەر سێهەمین کوڕ بێ، ڕۆڵێکی پێچەوانەی لەگەڵ دوو کوڕی گەورەتر هەیە.

لە زۆر جێگا "دێو" خۆشەویستی شازادە دەدزێ. شازادە دوای چەرمەسەری و کوێرەوەرییەکی زۆر و سەرکەوتن بەسەر کێوی قاف و لەنێوبردنی تەواوی ئەو دێوانەی کە دێنە سەر ڕێگای، بە شازادەخانم دەگاتەوە. زاڵبوونی شازادە بە سەر قاف و تەواوی دێوەکاندا، نیشانەی زاڵبوونی هێزی



# کافکا؛ مێعماری مینیماڵیزم

فریا یونسی



دەمێک ساڵە ناتوانم خۆ لەم بینەرە نەبان بکەم. ئەم کافکایە هەر نووسەر نییە، نا. دڵنیام پێش ئەوەی نووسەر بێت، بینەر بووە و نهێنییەکانی جیهانی بەرینی ئادەمیزادی بینیوە. پێموابێ کەمێک بتوانم دەردەدڵ بکەم لەسەر ئەم نووسەرە و خۆ لە مەعناکانی دەقێکی مینیماڵی هەڵقورتێنم. کاتێک گوستاف یانووش لە کتێبی وتووێژ لەگەڵ کافکا دا، جیهانبینیی کافکا ڕوون دەکاتەوە و کاتێک خۆی لە نامەکانیدا بۆ فەلیسا، دەهێنێت بێ ئەوەی وەکوو مەعشووقێکی سیستماتیک بڕوانێتە دەستگیرانەکەی و باسی سۆز و شتی وای بۆ بکات، باس لەو دژوازییەی نێوان جیهانی دەرەکی (Objekt) و جیهانی ناوەکی (Sobjekt) دەکات و ئەوەی کە چلۆنە بووەتە کێشەیەکی دێرینی نێوان مرۆڤ و زەمان؛ زیاتر ناخی مینیماڵەکانی ئەو پیاوەمان بۆ دەردەکەوێت. کێشەی کافکا گێڕانەوەی مازووخییانەی چیرۆکە بۆ مرۆڤ. بەڵام ئەم گێڕانەوە چجار ناچێتە خانەی ئەوەی وا بێنێت بە چیرۆکەکانی، بە مینیماڵێک یان بە نۆڤلێتێکی سەرکەشی، ئادەمیزاد دڵخۆش و سەرقاڵ بکات کە بۆ نموونە ژانەکانی ژیانی لەبیر بچێتەوە و لەو مەودا زەمانییەیدا وا خەریکە دەخوێنێتەوە، هۆشی بە هیچیەوە نەمێنێت و سەفەر بکات بە باڵی خەیاڵی دەق. نا. شتی وا لای ئەم لەئارادا نییە. ئەم کافکایە هەموو وجوودی نووسراوەکانی، سام و دڵەڕاوکێیە. بەڵام دڵەڕاوکێی چی؟

تۆ دەمێکە لەم ژیانەدا هەیت و هێشتا جارێک ئەو هۆشیارییەی تەنها لە تاقەتی تۆدایە، تێتدا ڕووی نەداوە. نەتتوانیوە جارێک لە ڕەوتێکی مەخمەڵینی هزرتەوە، پەل باوێژی بەرەو لقەکانی ئاگایی و دامەزرێیتەوە لە سەر خاڵی بنەڕەتیت. هێشتا گیرۆدەی ئەو کەسێتیە گوناحەیت کە لە مێژە کۆمەڵگا و بنەماڵەکەت بەسەرتدا دایانسەپاندووە و ڕۆژێک لە ڕۆژانی تەمەن بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە بۆ کەسی ڕاستەقینەت بگەڕێی. بۆ کەسێتی ئەبەدیت... بۆیە ئەم بینەرە، ڕۆژێک، بەرەبەیانێک دێت و دەرگای ماڵەکەت دەکوتێت و دەتبات و زۆر بێ گوناهانە دادگاییت دەکات، ڕۆژێکیش یان نیوە شەوێک، دێت و دەتکا بە قالۆنچە و هەموو ئەندازە دابینکراوەکانی مێشکت لەسەر وجودیەت تێکدەشکێنێت و لە دەم کونی ئاودەستێکدا، بە پشتدا دەتخات و لێت دەگەڕێت. ئێستا ئیتر تۆیت و هەبوونێک بە دژوارترین حاڵەتی مرۆڤانەوە و لە پیسترین شوێنێکدا کە هێمایەکە بۆ ئەم جیهانەی پێت تێناوە و بە دەستی خۆت لە خۆتت کردووە بە ئاودەست، بە وێرانە. تەنانەت ناتوانی بە خوشکەکەت بڵێی: منم! هەر ئەو کوڕەی دوێشەو تا درەنگان پێکەوە قسەمان دەکرد و خۆش بووین. تۆ ئیتر ئەو کەسە نەماوی. ئێستا ئیتر تۆ حاڵەتێکی نانەجیبانەی حەیاتی و پێویستە بۆ ئەو خاڵە نادیارەی وشیاری بگەڕێیت. تا پاش داماڵینی ئەو پێستە دژوارە، پاش کێشانی ئەو ئازارە ئەزەلییەی لەبەر ئەو هاتوویتە "ئێرە" و وات بەسەر خۆت هێناوە؛ بگەڕێیتەوە و خۆت بیت. بە پێچەوانەی ئەوەی وا زۆرێک لە شیکارانی ئەدەبی باسی لێوە دەکەن کە کافکا لە نووسراوەکانیدا، سیمبولی بەکارهێناوە، من پێموایە ساختاری گێڕانەوە لای کافکا، ساختارێکی هێماییە و لەڕاستیدا کافکا خەریکە سیمبولسازی دەکا و بەو چەشنە ئاماژانەی کە ئەو بە گێڕانەوە پیشەی کردووە، خەریکە جۆرێک سیمبولی نوێ لە جیهانی ئینسانی مۆدێرندا، دادەڕێژێتەوە کە بەپێی ئاماژەکانی ئەو لە گێڕانەوە کتوپڕییەکانیدا، دەبنە سیمبوڵ و هێمای بەسەرهاتێکی سەر ڕێی مرۆڤ. بەسەرهاتێک کە هێشتا بەسەر کەس نەهاتووە، بەسەر کافکادا نەبێ، بەڵام لەمەودوا، لە خوێندنەوەی مینیماڵێکی ئەو بەملاوە ئیتر بەسەر هەریەک لە ئێمەدا دێت.

کافکا وشیارە و وەک زۆرینەی نووسەران دەربایستی ئەوە نییە ببینرێت و بخوێندرێتەوە. بەڵکوو لە توێ بە توێی دەقەکانیدا دەتوانین ئەو خەمە بەدی بکەین کە تەمایەری هاتنی تەمایەرە و هەموو گرینگییەکی لە کاتی نووسیندا ئەوەیە بگاتە دەست خاوەنی خۆی. خاوەنی خۆی؟ ئەرێ. تۆی ئەو کەسەی کە دەبێت ئەو دەقە بگاتە دەستت و لە چرکەیەکدا وشیاریت بەسەردا بێت. چۆن؟ کە تۆ "کانی" دەخوێنیتەوە و بە چەند چرکە خۆت دەسپێریتە دەست ئەو سیحرانەی کافکا لە دەقێکدا شاردوویەتیەوە تا بەڵکوو خەوی ئاگایی کەوتن لە تۆ لەم ژیانەیدا کە ساڵەهایە پێی ڕاهاتووی، خێرا خاڵی وشیارییەکە بێدار بکاتەوە و بینێرێتە گیان هەموو سلوولەکانی وشیاریت. تۆ خەریکی دەخوێنیتەوە و لە مینیماڵێکدا تەنها چەند وشەیەک لە زیهنتدا جێی گرتووە. هێشتا هیچ بزاڤتێک بە هەبوون نەدراوە و ڕەنگە تا دواهاتی کارەکەش هەر ئەو بزاڤتە نەبینیت. بەڵام لەوێیە و ئاگادار بە بەم زووانە سەرەتای بیگ بانگێکە لە دەروونی تۆدا. تا زووە و لەمە درەنگتر نەبووە، واز بێنە لە "ئەو". تۆ خۆت کانییەکەیت و دەبێت هەمووان تێراو بکەیت. ئەمە ئەو چەشنە ڕوانینەی کافکایە کە لە باری دەروونناسییەوە خۆ لە عیرفانەکانی ڕۆژهەڵاتیش نزیک دەکاتەوە و بە دڵنیاییەوە مزگێنیت دەداتێ کە "بینیویەتی"، "بووە"... تۆش ببینە، ببە! ئێستا ماوەیەکە خوێندنەوەی "کانی" تەواو بووە و تۆ بە خەیاڵی خۆت لێبوویتەوە. بەڵام ئەرکی مینیماڵیزم تەنها لە چەند چرکەیەکدا تەواو نابێت. ئێوارەیەکە و دڵتەنگیت. نازانی بۆ؟ نازانی کوێت ژانی کردووە. نازانی بێمەیلیت بە هەموو شتەکانی ئەم دنیایە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمە نێهێلیزم نییە، نا. ئەمە ئەو ئەرکەی مینیماڵیزمە کە لە ئەستۆیەتی و خەریکە ڕۆژان و بگرە ساڵانێکیش دوای تەواوبوونی بەڕێوەی دەبات و پڕینچکەکانی وشیاری دەگەیەنێتەوە بە زیهنی مشەوەشی تۆ.

بۆیە بە دڵنیاییەوە، ئەرکەکانی مینیماڵیزم لە چەند چرکە و چەند ساڵ و بگرە چەند سەدەشدا کۆتاییان نایەت و هەمیشە بەردەوامە لە دڕینی کێوەکانی بەرگری ناسیندا. کافکا لێرە خەریکە بە مینیماڵێک سەفەری ئەزەلیی مرۆڤ دەگێڕێتەوە و ئەو پەردە وا پیشان دەدات کە بە ڕابواردنی سەدەکانیش لە بیرمان نەچێتەوە. بۆیە مینیماڵێکی ئەم بینەرە، ئەم سەرەتا مەدهۆشە، بیری هەموو زانستەکانی مرۆڤمان دەخاتەوە. زانستی زمان، فەلسەفە، هێرمێنۆتیک، فیزیک و هەموو کەشفە سەرسوڕهێنەرەکانی لە حزووری ئادەمیزاد لە "جێگەی خۆی"دا، زانستە سەنعەتییەکان، زانستی دەروونناسی، ماتماتیک، ژێنێتیک، ئەرێ تەنانەت زانستی ژێنێتیکیش.

ئاوا دەزانین حیکمەتەکانی مینیماڵیزم چۆن دابین کران لە هزری مرۆڤدا و دەبینین بۆ ناتوانی بخۆیتەوە، چونکە تۆ لێرە نیت و "ئەو"ت بەسەر خۆتدا زاڵ کردووە و تەنانەت ناشتوانی بەپێی پێوەرەکان خۆت بناسیتەوە. بەڵام ئەم مێعمارە مەدهۆشەی مینیماڵیزم، ئاوا کتوپڕ دەرەقەتت دێت و بۆ هەمیشە ڕەوتی هزرت تەنها بە مینیماڵێک دەگۆڕێت و لە جیهانی کوانتۆمی وجوود دا هەلاجانت پێ دەکات.

من پێموابێ ئەمەیە ئەرکی مینیماڵیزم...



## کانی

**فرانتس کافکا**

ئەو تینووە. تەنیا تۆپەڵە بنەگیایەکیش ئەتوانێت لە کانیاو، جیای بکاتەوە. کەچی ئەو دابەش بووە بەسەر خۆی و دژێکیدا: بە یەک لەتی دەتوانێ "گشت" ببینێت، دەیبینێت کە لێرە ڕاوەستاوە و کانییەکە ڕێک لەپەنای ئەودایە؛ بەڵام لەتێکی دیکەی، ئاگاداری چشتێک نابێت و لە دواییشدا، پێیوایە لەتی یەکەم، هەموو شتێک دەبینێت. بەڵام چونکە ئاگاداری چشتێک نابێت، ناتوانێت بخواتەوە.

# ـیەکان



چاکەیە بەسەر خراپەدا.

2- کوڕە کەچەڵە: لە زۆربەی ئەفسانەکانی ئێمەدا کوڕە کەچەڵە، کوڕی بێوەژنێکی هەژارە. کوڕێکی تەنبەڵ و ترسەنۆک و نەدارە. بەڵام زمانلووس و قسەزان. هەر ئەو زمانلووسی و قسەزانییە فریای دەکەوێ. ئەویش وەکوو کوڕە پاشا بە شازادەخانمێک و پووڵ و پارەیەکی یەکجار زۆر دەگا .

3- کچە جوانە: وشەی لاو- گەنج، هێمای داهاتووە. کاتێک ئاوەڵناوی جوانیشی پێوە دەلکێ، نیشانەی داهاتوویەکی ڕووناکە، لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە گەنج- لاو هێمای ئاگاییە. هەروەها " کچ " لەنێو ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵاتدا، ڕوانینێکە بۆ بیرێکی پاک و خاوێن. کچ هێمای وڵاتێکی پاک و خاوێنە کە هێشتا نەگیراوە.

4 - کچە ناحەزە: لە ئەفسانەکاندا کچێکی دژ بە کچەجوانە هەیە، کە بە کچە کەچەڵە یان کچە ناحەزە ناوی دەرکردووە.. کچەناحەزە هێمای بیری چەپەڵە. لێرەشدا هەر شەڕی نێوان چاکە و خراپەیە.

5- کۆسە: کۆسە زۆر بەدەگمەن لەنێو حەکایەتەکاندا خۆی دەنوێنێ. تەنیا لەنێو حەکایەتی سێ کۆسەدا نیوە پاڵەوانێکن. زۆر بەفرووفێڵن. کاریان تەنیا کڵاونان لەسەر کاراکتەرەکانی نێو حەکایەتەکەیە. لە کۆتایی حەکایەتدا لەنێو دەچن و دەمرن.

6- گەون- فرۆش: لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمەدا نیشانەی چینی هەژارە. لەبن گەونێکدا کووپەیەک زێڕ دەبینێتەوە و بە پارە و دارایییەکی زۆر دەگا. بەڵام لە هەندێک جێگایان بەهۆی ساویلکەیی هاوسەرەکەی تەواوی دارایییەکەی لەدەست دەدا.

7- شا: شا بە بەغیل و لەخۆبایی و خوێنمژ ناو دەبەن. توانایی ئەوەی نییە خاوەن بۆچوون و بڕیاری خۆی بێت. دەتوانین بڵێین بە یارمەتیی قسەی دەوروبەری، بەتایبەت وەزیر کە کاروباری وڵاتەکەی هەڵدەسووڕێنێ، بەشێوەیەکی ڕواڵەتی وڵات بەڕێوەدەبات. شای پیر هێمای نابەئاگای گشتییە.

8- دەروێش: ئولریش مارزۆلف، دەروێش تایبەت بە ئێرانی و ڕۆژهەڵاتییەکان نازانێ. لەگەڵ ڕاهیبە ئەورووپییەکان بە هاوتایان دەزانێ. دەروێش پیرە پیاوێکی نەدار و لەخوداترسە. وەک نێوانگرێکە لەنێوان خودا و پاشادا. پاشای بێ کوڕ کە بۆ ماڵی خودا دەچێ تا لە بارەگای خودا بپاڕێتەوە و خودا ئەولادی بداتێ، ئەو دەبێتە نێوانگری لە نێوان خودا و پاشا.

9- ژن: لەنێو حەکایەت و ئەفسانەکاندا لە دوو ڕوانگەوە دەتوانین تەماشای بکەین. یەک لە ڕوانگەی کاراکتەری سەرەکییەوە کە لێرەدا ژن فێڵزان و دووڕوو و بەمەکرە. ئەو ساتەی کە دەیەوێ کڵاو لەسەر مێردەکەی بنێ، سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان خۆی و ڕەقیب، دەست دەکا بە تانە و قسەی پڕوپووچ. یان پیرەژنێکی پرچ هاڵۆزاوی ددانکەوتووە و دژی پاڵەوان ڕادەوەستێ و هەندێ جار درۆیەکی وا ساز دەکا پاڵەوان بڕوای پێدەکا و خۆی دەکوژێ. نموونە پیرەژنی فەرهادکوژە.

10 - دێو: دێو ڕۆڵی دژی مرۆڤ دەگێڕێ. دژی ویستەکانی ئینسانە و ژنی بەمێرد یان کچی جوان دەدزێ و دەیکاتە ژنی خۆی. ڕۆحی دێو لەنێو کوولەکەیەک یان لەنێو شووشەیەکدایە؛ کە تەنیا بە دیتنەوەی ئەو کوولەکەیە و بە شکاندنی، پاڵەوان دەتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ. دێو هەتا بڵێی نەزان و سادەیە. جاری وایە دێو یارمەتیی پاڵەوان دەدا. دەڵێن ڕەگێکی موسوڵمانەتیی تێدایە. لە بیرمان نەچێ لە زۆربەی حەکایەتەکاندا، ئەو ساتەی کە دێو لە خەوی چل شەو و چل ڕۆژەیدایە، پاڵەوان کوولەکەی ڕۆحی دەبینێتەوە و دەیکوژێ.

11- پەری: پەری ڕۆڵێکی چاکە دەگێڕێ. ئاسمانییە، بەڵام یارمەتیدەری پاڵەوانە لەسەر عەرد. پەری چوار ئەرکی لەسەرشانە: پێدانی خووخدەی چاکە و باش، خوێندنەوەی داهاتوو، سازکردنی مرۆڤ و کەلوپەل لە خەزێنەی غەیبەوە و پێدانی ماڵ و نیعمەت بە هەرکەس کە بیەوێ.

12- هەژدیها: هەژدیها لەنێو ئەفسانەکاندا یان نیگابانی گەنجێکن یان پێش بە ئاوی کانی دەگرن. دەبێ هەموو ڕۆژێک کچێک لەنێو ئەم کانییە باوێن و هەژدیها بیخوا. ئەوسا بە بارتەقای ڕۆژێک ئاویان بۆ بەر بداتەوە. یان لەنێو دەریادا دەژی.. هەژدیها لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، هێمای ترسی نابەئاگای گشتییە. ئەوساتە کە هەژدیها نیگابانی گەنجێکە، دەتوانێ وێنەیەک لە ترس بێ کە بۆ ئاگالێبوون لەو گەنجە پێکدێ. نابێ لە بیرمان بچێ لە ئایینی زەردەشتیدا یەکەمین مرۆڤ بە شێوەی هەژدیها ناسێندراوە.

13- سیمورغ: لە دوو ڕوانگەی ئەهریمەنی و ئاهوورایییەوە دەتوانین بڕوانینە سیمورغ.

لە حاڵەتی ئەهریمەنیدا سیمورغ لە وڵاتی تاریکدا دەژی و هەر لەو وڵاتەدا پاڵەوان لەگەڵ سیمورغ ئاشنا دەبێ.

لە حاڵەتی ئاهوورایییدا سیمورغ بێجگە لە چاکە کارێکی تر دەگەڵ پاڵەوان ناکا. پاڵەوان دێنێتەوە بۆ وڵاتی ڕووناکی یان بۆ لووتکەی قافی دەبا و ڕێنیشاندەری پاڵەوانە. هەندێک زانا پێیانوایە سیمورغ هێمای مەعنەویی پاڵەوانە.

14- خدری زیندە: پێغەمبەرێکە قەت نامرێ ، لە هەموو جێگایەکە، ئەوساتەی کە پاڵەوان دەکەوێتە گێژاوێکەوە، یان دەبێ کارێک بکا کە لە دەستی مرۆڤ نایە، خدری زیندە بە فریای دەگا و ڕێنوێنیی دەکا. لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە خدری زیندە هێمای ژیانی هەتاییە.

15 - ژمارە پیرۆزەکان: لەنێو پیرۆزەکاندا، ژمارەکانی 3 و 7 و 40 لە ئەفسانە کوردییەکاندا زۆر بەرچاون. هەرچەند لۆفلێردیلاشۆ لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ژمارەی پیرۆزی ئەفسانەکان 7 و 3 یە.

ژمارەی 3: سێ کوچکەی مەسیحییەت واتە ( باب- کوڕ- ڕوحولقودووس) هەر لە گرینگیپێدانی ئوستوورە بە ژمارەی سێ وەرگیراوە. پێویستە ئەوەش وەبیربێنینەوە لە ئایینەکانی پێش مەسیحیشدا، بۆ نموونە لە میترایییەکاندا، کەڵکوەرگرتن لەم ژمارەیە زۆر بەرچاو دەکەوێ. لە ئێرانی کۆنیشدا سێ کوچکەی ئەهوورا، میهر و ناهید هەبووە. دەروونناسان بڕوایان وایە کە ژمارەی سێ بۆ سێ کوچکەی ژیان، واتە خواردن و دەردانەوە و غەریزەی سێکسی دەگەڕێتەوە .

ژمارەی 7: ژمارەی حەوت لەنێو ئەفسانەکاندا بەشێوەی حەوت تەلیسم یان حەوت قۆناغ بۆ گەیشتن بە شوێن و ئامانج هاتووە. پێشینان لەسەر ئەو بڕوایە بوون ئاسمان حەوت نهۆمە، ئاسمانی حەوتەمین ئاخرین نهۆمە.

هەروەها لەنێو ئوستوورەکاندا دەخوێنینەوە خودا ئاسمان و هەردی لە حەوت ڕۆژدا سازکردووە. ئەو ئاماژە عیرفانییە، ئاماژەیەکە بۆ حەوت قۆناغی چوونی مرۆڤ بەرەو خودا.

ژمارەی 40: چل بە ڕادەیەکی زۆر لەنێو ئەفسانەکان و بیروڕای کوردەواریدا خۆی دەنوێنێ. بۆ نموونە: " شازادەخانمێک چل کەنیزەکی لە دەورە بوو"، یان" پاشایەک دەرۆیشت چل گورزبەدەست لە پشتیەوە بوون، چلیش لە پێشەوە" یان زاڵبوونی پاڵەوان بەسەر چل پلەی قافدا. چل، ژمارەی چارەنووسە، یانی ئەو ساتەی کە پاڵەوانی چیرۆک بەسەر چل پلەی قافدا زاڵ دەبێ، ئیتر چارەنووسێکی ڕوونی لە پێشدایە و بە ئامانجی خۆی دەگا. یان کاتێک کچێک چل دانەی دەگرێتەوە، ئەوە چارەنووسی خۆی دەخوێنێتەوە.



# کۆیلەی پارە لە چلی خزمەتکاریی فەرهەنگیدا

◄ ئەیوب زارعی

## "چیرۆکێکی دوور"

فەرانسەیە و دەیەی "40"ی سەدەی بیستی زایینی. نووسەرێکی بە ڕەچەڵەک ئایرلەندی، دەستنووسی ڕۆمانێک بەناوی "وات" دەنێرێت بۆ چاپ. کارناسانی چاپەمەنییەکە پاش خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، بڕیار دەدەن چاپی نەکەن. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی پێیانوابوو "خەڵک لە کتێبەکە تێناگەن". ئەوان هەموویان لەسەر ئەوەی کە نووسەری کتێبەکە کەسێکی بەتوانایە، هاوڕا بوون. لە نامەیەکدا بۆ نووسەرەکە دەنووسن: "جیناسەکان زۆر ساکارن، بەڵام خودی کتێبەکە زۆر دژوارە... نووسراوەکە، دەرخەری بەهرەیەکی کەموێنەیە لە شێوازی نووسیندا... لەوانەیە ئێمە بە ڕەتکردنەوەی ئەم کتێبە، "جەیمس جۆیس"ێکی دیکەمان ڕەتکردبێتەوە. هەوای دوبلین چی تێدایە کە نووسەرەکانی ئاوەها دەنووسن؟!"

"وات" ئەوجارە و لەو کاتەدا چاپ نەبوو.

## "چیرۆکێکی نزیک"

کوردستانە و ساڵانێک لە سەدەی بیست و یەک تێپەڕیوە. قەڵەم بەدەستی گەنج، پاش ماوەیەک گەڕان و پرس و دروستکردنی پەیوەندی و چی و چی و چی، بڕیار دەدات نووسینەکەی بنێرێت بۆ "ئاغای چاپەمەنی". دەینێرێت.. نایخوێننەوە. نە ئاغای چاپەمەنی خۆی و نە هیچ کەسی تریش. لیژنەیەک نییە بیخوێنێتەوە. کارناسێک لەو دەزگای بەناو چاپەمەنییە ئیش ناکات کە کتێبەکە هەڵسەنگێنێت. ماوەیەک تێدەپەڕێت و لە پەیوەندیی دواتری نێوانیان، ئاغای چاپەمەنی پاش هەندێ قسە لەسەر سەختی و گرفتەکانی ئیشەکە و هەوڵدان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتنامە و گرانبوونی کاغەز و لە ئەستۆگرتنی هەموو ئیشەکانی کتێبەکە لەلایەن خۆیانەوە و منەت خستنە سەر و چی و چی و چی، دەڵێ: "ئەوەندە تێچوویەتی." دوو ڕێگا لە بەردەمی قەڵەمبەدەستە؛ یان ڕازی دەبێت و دەڵێ کێشە نییە، یان ڕازی نابێت و دەڵێ پارەکە زۆرە و نایکەم. زۆربەی قەڵەمبەدەستە گەنجەکان ڕێگای یەکەم هەڵدەبژێرن، تەنانەت ئەگەر پارەیشیان نەبێت قەرزی دەکەن، چوون تاکە ڕێگای بەردەوامییە!

## "بەراوردێک"

لە چیرۆکی چاپکردن و نەکردنی "وات"دا چەند خاڵێک شیاوی تێڕامانن کە لەوانەیە سەرنجڕاکێشترینیان، پەیوەندیی نێوان کارناسانی چاپەمەنییەکە و نووسەرەکە بێت. نووسەرێک کە دواتر دەبێتە یەکێک لە گەورەترین و کاریگەرترین نووسەرانی مێژووی ئەدەبیات. نووسەر کتێبەکە دەنێرێت، لیژنەی پسپۆڕ لە چاپخانەکە کتێبەکە دەخوێنێتەوە و پاشان بڕیار دەدات لەچاپ نەدرێت. شانبەشانی ئەوە کە هۆکاری چاپنەکردنی کتێبەکە بە نووسەر دەڵێن، زۆر وردبینانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەوانەیە بڕیارەکەیان هەڵە بێت و نووسەری کتێبەکە "جەیمس جۆیس"ێکی دیکە بێت. زەمەن تێپەڕی و دەرکەوت کە بڕیاری لەچاپنەدانی کتێبەکە هەڵە بووە و ئەوەی لیژنەکە لە نامەکەدا ئاماژەی بۆ کردبوو، دروست نووسەرەکە نەک بووە "جەیمس جۆیس"ێکی دیکە، خۆی بووە ناوێکی جاویدان لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا؛ ساموێل بێکێت.

ئەوەی لە چیرۆکی چاپکردن و نەکردنی کتێبی قەڵەمبەدەستی گەنجدا سەرنجڕاکێشە، تەنها یەک شت نییە، کۆی پرۆسەکەیە لە سەرەتاوە تا کۆتایی. هەر لەوەی کە قەڵەمبەدەستی گەنج ڕازی دەبێت نووسراوەکەی بە مەرجەکانی ئاغای چاپخانە لەچاپ بدات، هەتا دواترین هەنگاو و سەرئەنجامی کارەکە شیاوی تێڕامانە. بەڵام لەوانەیە سەرنجڕاکێشترین خاڵی ئێرەیش، شێوازی مامەڵەکردنی ئاغای چاپخانە بێت لەگەڵ قەڵەمبەدەستی گەنج و نووسراوەکەی. لە کۆی پرۆسەی چاپکردن یان نەکردنی کتێبی قەڵەمبەدەستی گەنج، نەک هیچ کەسێک نییە کتێبەکە بخوێنێتەوە، لیژنەیەک بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە کتێبەکە شایانی ئەوەیە چاپ بکرێت یان نا، بوونی نییە. لەوێ کەسێک نییە نامەیەک بە نیشانەی ڕێزەوە بنووسێت بۆ قەڵەمبەدەستی گەنج و هۆکاری چاپنەکردنی کتێبەکەی بۆ بنووسێت. لەو پرۆسەیەدا، دەزگایەک هەیە کە تەنها بەناو دەزگای چاپەمەنییە، ئەگەرنا لەڕاستیدا کۆگایەکی دەڵاڵیی فەرهەنگە. لەو کۆگای دەڵاڵیی فەرهەنگەدا، کەسێک بەناوی ئاغای چاپەمەنی هەیە کە لای ئەو، چاپکردن و نەکردنی کتێبی قەڵەمبەدەستی گەنج تەنیا پەیوەندی بە یەک شتەوە هەیە؛ پارە. قەڵەمبەدەستی گەنج دەبێت ئەو پارەیەی کە دیار دەکرێت بدات بە ئاغای چاپخانە تاوەکوو ئەویش بە ڕێزەوە کتێبەکەی بۆ چاپ بکات و بیکات بە نووسەر!

## "دەزگای چاپەمەنیی سێبەر"

هەر دەزگایەک و هەر کەسێک مافی خۆیەتی لەبری ئیشێک کە دەیکات مافی خۆی وەربگرێت، بەڵام هیچ دەزگایەک و هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە لەبری ئیشێک کە نایکات مافێک وەربگرێت.

دەزگای چاپەمەنی مافی خۆیەتی چ کتێبێک لەچاپ بدات و چ کتێبێک لەچاپ نەدات. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەو کتێبەی لەچاپ دەدرێت، پاش هەڵسەنگاندنی لیژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا لە بوارەکەدا لەچاپ دراوە یان بە ویست و حەزی ئاغای چاپەمەنی خۆی و پاش ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە ناڕەواکانی؟! هەروەها دەزگای چاپەمەنی مافی خۆیەتی لە چاپی کتێبێکدا مافی خۆی هەڵگرێت و مافی خۆیەتی کە مافەکانیشی پاش چاپبوونی کتێبەکەیش پارێزراو بن. لێرەدا نووسەریش هەمان ئەو مافانەی هەیە کە دەزگای چاپەمەنی هەیەتی، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا نووسەر مافەکانی پارێزراوە یان لەوەیش گرنگتر، نووسەر قەت مافێکی هەیە؟

ئێستا، دوو جۆر دەزگای چاپەمەنی هەن؛ جۆرێکیان کە ژمارەیشیان زۆر کەمە، ئەو دەزگایانەن کە هەوڵ دەدەن ئیشەکانیان بە ڕەوتێکی ئاساییدا تێپەڕێت و پرۆفیشناڵ بێت، جۆرەکەی دیکە کە ژمارەیان لە ژماردن نایە، ئەو دەزگایانەن کە قەت بۆیان گرنگ نییە ئیشەکانیان بە چ ڕەوتێکدا تێدەپەڕێت و چی لەچاپ دەدەن و نایدەن و وەکوو ئاماژەی بۆ کرا، ئەوەی بۆیان گرنگە تەنها پارەیە و بەس. ئەمانە دەزگای چاپەمەنی سێبەرن. دەزگا چاپەمەنییە سێبەرەکان ئەو دەزگایانەن کە تێیاندا چاپی کتێب بە پارەی نووسەر نەک خەوش نییە، گرنگترین و سەرەکیترین بەشی ئیش و پرۆگرامیانە.

بەڵێ، دەزگای چاپەمەنیی سێبەر ئەو کۆگایەیە کە لەپاڵ زێڕفرۆشییەکان و پارچەفرۆشییەکان و هەرچی شت فرۆشییەکان کراوەتەوە و ڕۆژانە لەوێ پارە وەردەگیرێت و نووسەر پێشکەش دەکرێت، پارە وەردەگیرێت و وەرگێڕ دەناسێنرێت، پارە وەردەگیرێت و شاعیر بەرهەم دەهێنرێت...

## "بەرهەمەکانی دەزگای چاپەمەنیی سێبەر"

دەزگایەکی فەرهەنگی کە کۆی جموجۆڵەکانی تەنها بۆ ئەوە بێت سوودێکی زیاتر بە هەر قیمەتێک بەدەستبهێنێ و چۆنیەتی و چییەتی ئەو شتەی بەرهەمی دەهێنێت هیچ گرنگییەکی نەبێت، نەک تەنها ناتوانێت هەنگاوێک بۆ بەرەوپێشەوەبردن و گەشەکردنی فەرهەنگ بە گشتی هەڵگرێت، بە پێچەوانەوە بە شێوازی جۆراوجۆر دەبێتە بەربەست و ڕێگر و وەکوو مەکینەیەکی دژە فەرهەنگیش ئیش دەکات.

وەکوو گوتمان، ئەوەی لە دەزگای چاپەمەنی سێبەر بایەخی نییە، ئاستی ئەو کتێبەیە کە لەچاپ دەدرێت. لەوێ پارە دەدرێت و کتێبی ئاستنزم چاپ دەکرێت و بازاڕ پڕ دەبێت لەو چەشنە کتێبانە. کە بازاڕ پڕ بوو لە کتێبی ئاستنزم، ستانداردەکان دادەبەزن و دێنە خوارەوە. کە ستانداردەکان دابەزین، مەودایەک دروست دەبێت لە نێوان ئاستی ڕاستەقینەی ئەو بوارە- چ ئەدەبی بێت، چ زانستی، چ هزری و...هتد- لە جیهاندا و ئەو شتەی کە لە کۆمەڵگا داخراوەکەی ئێمەدا بەناوی ئەو بوارە پێشکەش دەکرێت. مەودایەک کە دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشاییەکی گەورەی مەعریفی و دواتر هەر پڕکردنەوەی ئەو مەودایە خۆی دەبێتە کێشەیەکی گەورە و هەمەلایەنە. مەودایەک کە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای کوردی لە بواری بەرهەمهێنانی ئەدەب و ئەندێشە و هزردا، کۆمەڵگایەکی نەزۆک بێت.

لەپاڵ هێنانە خوارەوەی ئاستی مەعریفە، یەکێکی دیکە لە بەرچاوترین بەرهەمەکانی دەزگای چاپەمەنیی سێبەر، مۆدێرنکردنی ئەو نیگا چەوتەیە کە کۆمەڵگای کوردی سەبارەت بە بکەرە فەرهەنگییەکانی خۆی هەیەتی. نەبوونی هونەرمەند و شاعیر و نووسەر و بکەرە فەرهەنگییەکان بەگشتی، لە شوێن و پلەی خۆیاندا، شتێکی نوێ نییە. مێژووی فەرهەنگیی ئێمە پڕە لە گۆرانیبێژی برسی، لە شاعیری دەربەدەر، لە نووسەری بێ ماڵوحاڵ، لە مۆسیقاری هەژار و... ئێستایش و لەم ڕۆژگارەیش، بەشێکی زۆر لە بکەرە فەرهەنگییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگای ئێمە لە دۆخێکدا دەژین کە مەودای لەگەڵ ئەو دۆخەی دەبوو تێیدا بژیایەن، مەودای نێوان زەوی و ئاسمانە. بەهەندوەرنەگرتنی بکەری فەرهەنگی لە کۆمەڵگای ئێمەدا مێژوویەکی درێژی هەیە و شتێکی نوێ نییە و لەم سەردەمەیشدا بە شێوازی جۆراوجۆر و بە مەبەستی جۆراوجۆر ئەو تێڕوانینە بەردەوامی هەیە و ڕۆژانە نوێ دەکرێتەوە. دەزگای چاپەمەنی سێبەر، ئاگایانە یان ناخودئاگایانە، یەکێک لە مەکینەکانی نوێکردنەوەی ئەو تێڕوانینەیە. کاتێک لە دەزگایەک کە دەبێت دەزگایەکی گرنگ بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی فەرهەنگ بێت، وەکوو کەرەستەیەک تەماشای ئەفرێنەری بەرهەمێکی فەرهەنگی دەکرێت و هیچ مافێک- چ مادی، چ مەعنەوی- بۆ بکەرە فەرهەنگییەکە دیار ناکرێت، چاوەڕوانیی ئەوەی کە کۆمەڵگایەک کە مێژووی لێوانلێوە لە بەهەندوەرنەگرتنی بکەرە فەرهەنگییەکانی، مافی ئەو ئەندامە گرنگەی کۆمەڵگای بداتەوە، خەیاڵێکی خاو و چاوەڕوانییەکی ساویلکانەیە. واتە لە شوێن و کاتێکدا کە دەزگای چاپەمەنی دەبوو دەوری پردی پەیوەندیی هەبووایە لە نێوان "بکەری فەرهەنگی و کەرەستەکەی" لە لایەکەوە و "کۆمەڵگا و کەسانێک کە ئەو بەرهەمانە بۆ ئەوان بەرهەمهێنراوە" لە لایەکی دیکە، دەوری بەرخۆری کەرەستە فەرهەنگییەکە دەبینێت و گەشەکردن و نەکردنی فەرهەنگ هیچ گرنگییەکی بۆی نەبێت، ئاساییە کە ئەو تێڕوانینە هەمیشەییە درێژەی هەبێت و بکەرە فەرهەنگییەکە لە دەرەوەی ئەو بازنەیە سەرقاڵی بەرهەمهێنان بێت کە هەمیشە و لە ڕابردوودا بووە!

## وشە و ئێمە

ژیان بە وشە دەستپێدەکات و بە وشەیش کۆتایی دێت. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کە پێیانوایە سەردەمی مەرگەکانە، هەتاکوو مرۆڤ هەبێت، وشە نامرێت. مرۆڤ لەوێ، لە وڵاتی وشەکاندا، بوونێک ئەزموون دەکات کە ڕۆژانە لە ژیانی خۆیدا ناتوانێت؛ چێژێکە دەبێت چێژی بکات تاکوو تێبگات وشە ژیانە و ژیان وشە... بەڵام لێرە و لەم ڕۆژگارەدا، ئەڵێی ئەوانەی کە ئیشیان لەگەڵ وشەیە، دەبێت ئەگەر هیچ نەزانن، ئەوە باش بزانن کە هیچ لە وشە نەزانن!

خۆزگە وەها نەدەبوو!

عادل قادری



# ماچێ لە تاران یانێ چەند شەممە؟



یەکەمین ماچێ کە لە کچێکی فارسی تارانی وەرمگرت، شەممە نەبوو، یەکشەممە بوو؛ لە کڵێسای مریەمی موقەدەس لەئاراستەی شەقامی میرزا کووچەکخانی جەنگەڵی. پێتان سەیر نەبێ "ئێمە" هیچکام مەسیحی نەبووین. من مزگەوتم بەقەدەر تەمەنی باوکم دیبوو، بەڵام خۆم نۆستالۆژیم بە کڵێسا هەبوو، ئەو نۆستالۆژییەکەمی ئەبەدی کردەوە. بۆ "ئەو" پیرۆزی و پاکیزەیی مریەم گرینگ بوو کە خۆی و "ئەو"ی لە قاڵب و پۆرترێتێکدا دەدیتەوە، خۆی و "ئەو"ی لێ تێکچووبوو، مریەم و مەرجان تا پێش من پاکیزە مابوون. بەڵام لەوێ هەم خۆی و هەم "ئەو" بە ماچێک پاکیزەییان دۆڕاند بە کوردێکی وەک "من". لەڕاستیدا ئەو ماچە لە کۆنترۆڵی هەردووکمان بەدەر بوو، قەشەیەکی مۆن و ناوچاوتاڵ کە لە ژوورۆچکەیەکی بەردەم کڵێسا نیشتەجێ بوو، کاروباری ئایینی و شتەکانی تری ناو و دەرەوەی کڵێسای رادەپەڕاند، سەرەتا وایزانی خوێندکارین و رەنگە پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەمان لەبارەی کڵێساکەوە هەبێ، پرۆژەمان نەبوو، خوێندکاریش نەبووین، بەڵام لە خوێندکارە بێکار و بەرەڵاکان دەچووین. لە ماوەی یەک حەوتەی تەواو کە بە شەقام و پارکەکانی تاراندا دەسووڕاینەوە، نەمانوێرا لە هیچ گۆشە و قوژبنێک بۆ ماوەی دوو لێو خۆمان ئازاد بکەین و نەترسین. تاران پڕە لە ئیمامزادە و ئاخوند و زۆڵ و قەحبە و پاکیزە!

ناوەڕاستی هاوین بوو، ئیلهامێک، شتێک لە رەنگی شەهوەتێکی نابەکار لێوەکانمانی راساند، دوو لێوی ئاسایی کە بەو هاوینە گەرمە ئەگەر نووسەرێک یان شاعیرێک لە خەیاڵدانی خۆیدا سەرنجی بدایە، دەیشوبهاندن بە تووت فەرەنگی، خوازراو و راکێشەر و رەنگیشە بێتام!

لەو هاوینە گەرمە و لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاخوندێکی بۆینباخ لەمل لە رۆژێکی وێڵ، زۆر ناوەخت و لە کۆنترۆڵ بەدەر بەیانییەکی زووی یەکشەممە لەو کڵێسایە، لێوەکانمان پێکەوە نووسان، ئەگەر موسوڵمانێکی راستەقینە بایەم، دەمگوت نووسێنران، لکێنران، خوران! لێوخواردن وەکوو شەرابێکی دەستپێنەگەیشتووی کۆن! لێو و شەراب لە نان و شەراب خۆشتر و مەعنەویتریشە! لەنێوان ساتی پێکەوەنووسانی دوو لێودا چ دەگوزەرێ؟ ئەو چێژە ئەفسووناوییە تێپەڕ و جاویدە دەستی چی و کێی تێدایە؟ باوەگەورەم دەیگوت: چێژ هەمیشە دەستی شەیتانیشی تێدایە. بەڵام من نە باوەگەورەم بووم، نە "ئەم" و نە ئەویش، من و "ئەو" دواتر کە سێشەممە بوو بە شەڕمان، هەردووکمان بەرەو ئەو باوەڕە چووین کە ئەم ماچە دەستی شەیتانی تێدابوو، شەیتانێک کە هیچمان باوەڕمان بە وجوودی نەبوو، بەڵام لە ئیسلامدا زۆرتر لە مەسیحیەت باسی کرابوو. بەتایبەتی ئەم شەیتانەی ئیسلام سازێنەری ماچ و شتە. با شتەکان لێگەڕێین! ماچ دەروازەی هەموو شتەکانی ترە.

## سەرەتا ماچ بوو!

رۆژی سێشەممە، ئێمە پێکەوە دانمان بەوەدا نا کە یەکشەممە شەیتانمان لێ نووساوە لەڕێگەی ماچێکەوە، یان بە ماچێکەوە نووساوین لەڕێگەی شەیتانەوە!

... من لێوی ئەوم زۆر نەرم و تەڕ وەبەر لێوان کەوت، ئەو دواتر هیچ باسی ئەو ماچەی یەکەمینی نەکرد، تەنها کاتێ من باسم دەکرد چاوی بریسکەیەکی دەهات و دەیگوت: "اولین بوسەام تو مکان مقدسی بود".

مەرجان تەنها بەبۆنەی ئەو ماچەوە کوردی خۆشدەویست، یەکەمین ماچ لەگەڵ یەکەمین کورد! یان رەنگە یەکەمین گیانداری دووپێی لێودار وەک تووت فەرەنگی! کچێکی پاک و پاکیزە بوو وەکوو یەکەمینەکان، لێرەدا ماچ و سێ نوختە! بۆم جێگەی باوەڕ نەبوو کە تا ئێستە ماچی نەدابێ بە کەس، یان کەسی ماچ نەکردبێ. بەهەرحاڵ ماچێکی شەیتانیی یەکەمین، یانێ بێدەنگی و برووسکەی چاوەکانی مەرجان بۆ "من".

رۆژی دووشەممە لە خانەی هونەرمەندان قەرارمان دانا، کچ و کوڕێک کە لە نەخۆشخانە پێکەوە کاریان دەکرد، هاتبوون. ئەو نەخۆشخانانەی تاران کە زۆر کات ماچ وەکوو نوقڵ و شیرینی پشاوە و کوڕی باش هەبێ و تۆزێک دڵخۆش، کۆیاندەکاتەوە بەڵام...بەڵامی زۆرە! ئەو رۆژە پێکەوە قاوەمان خواردەوە، کوڕەکە، کوردێکی کرماشانی بوو، پلانی داڕشتبوو کە بۆ ماچێک یان تۆزێ ئەولای ماچ، هەموو مێژووی خۆی و لێو و زمانی رەت بکاتەوە، ئەو شەوە من لەگەڵ سامی و کچە هاوڕێ کەرەجییە ناسکۆڵ و تەرچکەکەی بوو بە دەمەقاڵەمان و هێندە لەسەری رۆشتم کە سەبا گریا و سامی بێدەنگ بوو. بۆ جارێکی تر هەستم کرد تەواو کوردم، نەک لەبەر ئەوەی بەرگرییەکی حەماسیم لە هەمبەر قسەکانی سامی و سەبا کرد کە دژ بە کورد قسەیان کردبوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەی دوای بەرقەراربوونی بێدەنگی، هەستم کرد کە نەدەبوو ئەم تەپوتۆزە کوردانەیە لەهەمبەر ماچ و پیلانێکی ماچاویدا بکەم.

ماچی ئەوان بەمن چی؟ ماچی منیش بەوان چی؟

سامی دەیویست ماوەیەک لەگەڵ سەبا و جەستەی رابوێرێ و ویستبووی لەو ماوەیە مێژوو تووڕهەڵدات و من نەمهێشت و بووم بە گۆڵچی (دروازەبان)ی گەلی کورد! ساتێ بێدەنگ بووم، هەستی بێڕەحمانەی کوردانەم سەرکوت کرا یان سەرکوتم کرد، نازانم! ژنانەییم جووڵا و بە سەبام گوت: "بابا حالا چیزی نشده، شاید شما راست بگین، گریه نداره!" ئەویش بە چاوی تەڕ و روخسارێکی غەیری¬ سێکسی و کزۆڵانە و لەهەمان کاتدا بە فێڵێکی کچانەوە گوتی: "قضیه اصلاً بەخاطر این نیست، فقط یاد پسرم افتادم!" سەبا بچووکتر لەوە بوو کە منداڵی هەبێ، بەڵام من وەکوو کوردێک لە ساتەکانی تاران باوەڕم بە هەموو شتێک دەکرد و ئەگەری هەموو شتێکم دادەنا، تەنانەت فڕینی پێشکەشکاری شەبەکە چواری ئێران بە دوو چاوی زۆڵەوە کە ئەو شەوە لە مێزی تەنیشت ئێمە لەگەڵ کچێکی جوان دانیشتبوو! کە سوێند بە بەرزیی ئیڤل و میلاد نە کچی بوو نە ژنی بوو نە هیچ پێوەندییەکی خوێنییان پێکەوە هەبوو! بەهەرحاڵ گرینگ ماچە! سەبا کە باسی "پسرم"ی کرد، سامی تەمێک لە کزۆڵی و بێدەسەڵاتی و سووکایەتی بە روخساریدا گەڕا، دواتر لە مەرجانم پرسی گوتم: "صبا بچه داره و الان ازش دوره؟ دلش براش تنگ شده؟" وتی: "نە دیوونە، بچەش منظورش دوست¬پسر قبلیشە!" ئیتر من لەسەری نەڕۆشتم و زانیم هەرچی لەسەری بڕۆم سەرم دەچێ بە شوێنێکدا کە دیار نییە کوێیە. تاران وایە! ئەو شەوە سەرەڕای دەمەقاڵەم لەگەڵیان، سامی بە پێداگرییەوە ناچاری کردم بچم بۆماڵیان. لەگەڵ دایکی ئاشنا بووم، هەستم دەکرد ئەمە ئەو بەشە لە کوردبوونی سامییە کە تێیدا ماوەتەوە و دەیەویست بەم شێوە خیانەتەکەی قەرەبوو بکاتەوە! کام خیانەت؟! خیانەت! وشەیەکی شەش پیتی بە کوردی، وشەیەکی پێنج پیتی بە فارسی! خیانت! بەڵام ماچ سێ پیتە هەم لە فارسی و هەم لە کوردیدا و دەرگای زۆر وشەی پێنج پیتیی ترە! سامی و مەیهەن خانمی دایکی پێکەوە تەنها دەژیان، مەیهەن خانم زۆر حەزی لە رۆمانەکانی عەلی ئەشرەف دەروێشیان و مەحموود دەوڵەت ئابادی بوو، سەرێکی کوردی کرماشان بوو، کام سەری؟ نەمپرسی و نەموێرا بپرسم، تەمەنی لەسەر بوو... ئەمان سەر بەوانە بوون کە کوردن و دڵنیاشن کوردن و دڵنیاشم کە کوردی دەزانن و کوردبوونیشیان ناشارنەوە، بەڵام بە فارسی قسە دەکەن، زمانیان هەوڵ دەدا فارسی بئاخێوێت، بەڵام کوردی دەسووڕێت، بەمە دەڵێن لەهجەداربوون، زمان بەدەگمەن دەکرێ بشاردرێتەوە...بەڵام وەک گوتم گرینگ ماچە کە لەکانگای لێوەوە دێت...ماچی قووڵ و قایم زمانەکان لەناو دەم پێکەوە گرێدەدا و بەسەر تەڕایی و لووسیی لێوە ناسک و نەرمەکاندا تێدە پەڕێت...دەچێتە چەقی زمانەوە، زمانێک کە تامی لێو و ماچەکان وەک تووت فەرەنگی لە یادەوەریدا هەڵدەگرێت. هەر وەک چۆن ئەم ماچە بەشێک زمانی من و مەرجانی لەم چیرۆکەدا لێک هەڵواسیوە...من شەوی دووشەممە لەوێ خەوتم و بەیانییەکەی لەگەڵ مەرجان لە شەقامی ویساڵ قەرارمان دانا، تاران شارێکە کە بەردەوام بێ¬قەراری تێی "دا".

سێشەممە ئەو رۆژە بوو کە من و مەرجان بوو بە شەڕمان. ئەو رۆژە بوو کە ماچەکەی یەکشەممەی ناو کڵێساکەمان بە پیلان و مۆرکی شەیتان زانی و تەفسیرێکی شەیتانیمان بە "سەر"دا سەپاند...وەک گوتم گرینگ ماچە نەک "سەر"... خۆشیش لەوەدا بوو کەسمان باوەڕمان بە شەیتان نەبوو، بەڵام ئەمە چێژ و شەڕە و ئیتر دەبێ دەستی یەکێکی تری تێدا ببینینەوە، بۆ نموونە ئەمریکا یان ئیسرائیل...لە دونیای ماچ و شەیتاندا دیواری کەس لە هی ئەمریکا و ئیسرائیل کورتتر نییە...بەگشتی رۆژی سێشەممە رۆژێکی خراپ و شەیتانی بوو، بۆ ساتێک بە خەیاڵمدا هات کە هەموو خەتای دووشەممەیە.

دووشەممەی من و مەرجان و ماچ ئەمە بوو: ئەو باسەی سەبا و سامی و کوردبوونی من، دواتر رۆشتنەوە بۆ ماڵی سامی و مەیهەن خانم، درەنگ لەخەوهەستان و ترافیک و ماتەڵبوونی مەرجان و کوڕی بەرەڵا و خوێڕیی سەر شەقام و هەتا دوایی، بەکورتی مەرجان لەسەر ئەوە شەڕی کرد کە من درەنگ گەیشتمە شوێنی قەرار. کاتێ کە پێیگەییم یەکەم رستەیەک کە گوتی ئەمە بوو: "می¬دونی؟ نباید و نباید و نباید یە خانوم برای مدت طولانی یە جا منتظر بمونە، میفهمی اینو؟" منیش بێدەنگ بووم، چوون مەزەندەم دەکرد چەند مەتەڵەک و توانجیان بە باڵا بەرزەکەیدا گوتووە، بە لێوە نەرمەکەی و چاوە بریسکەدارەکەی و ئەتوارە پڕشکۆکەی و بڕۆ بەرەو خوار...هەستم کرد ئەم دووشەممەیەش هەموو خەتای کوردە!

لەشەڕی سێشەممەدا من تەنها بووم و ئەویش تەنها، بەڵام هەرکاممان دوو نەفەر بووین بە تەنیایی.

چوارشەممە، من دیسان تەنها و لەگەڵ مەرجان و ئەویش دیسان تەنها و لەگەڵ من. پێکەوە تەنیایی. دەمزانی و دەیزانی بیر لە یەکتری دەکەینەوە؛ بەڵام هیچمان هەواڵی یەکترمان نەزانی، ئەو رۆژە دایکم زەنگی دا و گوتی: "دوێشەو خەوم دیگە پێتۆ لە داڵانێکی درێژی داخریاگا تێی و ئەچی و تێی و ئەچی و تێی و ئەچی و نیگات ماقی شوێنێکە لەو دیوی دیواری داڵانەکەوە و قسەیچ ناکەیت، شتێک لە درزێکی قەیی یەکێ لە دیوارەکان بۆنی تێ و تۆ تێی و ئەچی و تێی و ئەچی..."

چوارشەممە وابوو من و مەرجان و دایکم پێکرا تەنها بووین.

دوا چرکەساتەکانی چوارشەممە و دەسپێکی پێنجشەممە مەرجان پەیامی دا و گوتی: "بە این راحتی دست بردارم میشی؟" وەڵامێکی زۆر ئامادە لە قووڵایی ناخمەوە تایپی کرد: "نشدم! ولی انگار تو شدی!" رستەی دووهەمم ئیتر سیاسیبازییەکی ناشیانە و تابلۆ بوو بەڵام "نشدم"ەکەم بەڕاستییەکی قووڵی نێزیک لە ئیمانەوە گوت. گوتی: "باشە، فردا خیابان وصال میبینمت." ئانوسات گوتم: "خب باشە، فردا ساعت 7 اونجام!" گوتی: "کار دارم تا ساعت دە باید سر شیفت باشم، دە بەبعد اونجا می¬بینمت؛ وصال!" من وەک کوردێک دەمزانی و دەزانم "کار" زۆر باشە، کار دەتوانێ پێش بە ماچ و هەستەکان و دەرکەوتنی لاوازییە عاتیفییەکانی مرۆڤ بگرێت، هێندە ماندووت دەکات؛ بەڵام لەنێوان "کار" و "بێکاری" دا تەنها "بێ" یەک تۆفیر هەیە. دوا پەیامی ئەو ساتەم بۆ مەرجان تەنها ئەوە بوو: "بێ". تەنها وشەیەکی کوردی کە مەرجان لەساتی ماچەکە دا فێری ببوو! زۆرینەی کورد بە "بێ" دەڵێن "وەرە"، بەڵام ئەم "بێ"یە دە قاتی "وەرە" کاریگەری و عیشوەکاریی زیاترە!

پێنجشەممە کاتژمێر دە لە ویساڵ پێکگەیشتینەوە، خۆی رازاندبووەوە، بەشێوەیەکی لەناکاو باوەشی پێدا کردم، لەبەر خۆمەوە گوتم :"کورد کوا ئەمانە دەتوانێ بکا؟" ئەم قسە سەیر و قۆڕانە لە یەک ئانوساتدا لە ناخودئاگامەوە هاتنە خودئاگا و شەرمێکیان هێنایە سەر روخسارم، دواتر نووسانی سینەی مەرجان بە سینەمەوە هەموو ئەمانەی هەر بەو خێراییەی هاتبوون رەواندەوە، پێنجشەممە ئێمە لە ماچ تێپەڕیبووین و لە من و لە ئەو، لە من و لە مەرجان...

پێنجشەممە ئێمە ئیتر دوو نەفەر بووین بە سات و پێوەری ماچ... من و مەرجان و ماچ و باوەش و سینە و مەمک و دەموچاوی من و هی ئەویش، بەڵام تەنها بووین وەکوو دوو نەفەر لە بیرەوەری و بێدەنگیی ماچێکدا. ئەگەر سێشەممەی شەڕ و کورد نەبایە ئێمە تا ئەبەد لە پێنجشەممەی ماچێکی موقەدەسدا دەماینەوە. لە یەکشەممەوە تا پێنجشەممە لەلایەک و چۆنێتی ئاشنابوونی من و مەرجانیش لەلایەک: شەممە

شەممە: دیسان شەممەیە، ئەو شەممەیەی کە من دەڵێم نا، بەڵکوو ئەو شەممەیەی کە خەڵکی خاوەنکار و سەرئیش دەیڵێن، فەرمانبەرە گێج و بێخەیاڵەکان، ئەوانەی کە حەتمەن دەبێ کاتژمێریان هەبێ ئەگینا دۆڕاون. منی "بێ" کاریش لەگەڵ "دیسان" و رۆژەکان پێوەندییەکی پتەوی هەیە، مەگەر ماچێک ئەو پێوەندییە بپچڕێنێت، بۆیە دەبێ هەمیشە لەبیرم بێت کە گرینگ ماچە و سێ نوختە!

شەممە شوێنی دیسان و دووبارە حیز و باش و هینەکانە بۆ ئەوانەی لەسەر ئیشن و بۆ ئەوانەی تاران کە زۆرتر لەسەر ئیش دانیشتوون؛ وەک گوتم گرینگ سەر نییە، "ماچە". ئەوانە دەبێ رۆژێک لەسەر هەستن... ئیش...و لەسەر لێو بنیشنەوە. بەڵام ئەوان لەسەر کارن، کار مەجالی فڕین و هەستان بە تاران نادات...کاری "بێ" سوود...من "بێ" کار بووم، بەڵام "بێ"سوود نەبووم، یانی بۆ من وا نەبوو کە بۆ ئەوان، بۆ من شەممە سەرەتای ئەو ماچە بوو کە لە یەکشەممەوە تا پێنجشەممە باسم کرد، دووبارە و دیسان هەڵناگرێت، چوون دیسان شەممە حیزە باشەکە نییە، ئەو ماچە یەک جار کرا و تا ئەبەد دووبارە نابێتەوە. رێک وەکوو روانینی هیراکلیتۆس بۆ ماچی رووبارێک...بیبوورن بۆ ئاوی رووبارێک: "ئێمە ناتوانین دووجار پێی تێخەین، چوون ئاوەکە دەڕوات بەردەوام..." کێ ناڵێ مەبەستی هیراکلیتۆس لەوێدا لە "رووبار" لێو و لە "ئاو" ماچ بووە؟

ئاو و ماچ...لێو و تەڕایی...رووبار و زەمانی بەخوڕ...من و مەرجان و هیراکلیتۆس و ماچ

من و تاران و مریەم و شەممە و یەکشەممە...بەخوڕ لە رووباری ماچی زەمەن تا ناکۆتا

لەراستیدا "من" مەرجانی سێ ساڵ پێش و یەکەمجار بەدەر لە یاسای رۆژانە و حەوتە لە ئەبەدییەتی جووڵەی ئاوەکەی هیراکلیتۆس و لە شیعری هاوڕێیەک لەژێر ناوی "آن دختر تنهای سر کوچە برای کە میرقصد، وقتی کە من نیستم"، دیت؛ یانی وێنای کرد، دوای سێ ساڵ هەمان من هەمان کچی بەناوی مەرجان لە ئەنجوومەنێکی کافەییدا لەتاران دیت. وتمەز مەڵێ "من" زانیویە پێشتر دیتویە، "تۆ" بڵێ وێنا و وەهم! "من" بەردەوام خوێنەرێکی باشی شیعرە تەنیا و قۆڕەکانی ئەمڕۆ بوو، من لە شیعرێکدا مەرجانی وێنا کرد و لە کافەیەکدا بینی و لە کڵێسایەکدا ماچی کرد و لە چیرۆکێکدا باسی کرد و لە دواجاریش لێی ون بوو وەکوو ئاوی رووبارێکی لەخوش و خوڕ بەکاتی هیراکلیتۆس، وەکوو وێنەیەکی شیعریی کە هەموو شاعیرێک بەشێوەیەک دەیڵێت و هی کەسیشیان نییە و هەمووشیان ئیدەعای ئەوە دەکەن کە هی "ئەوە" بەڵام ماچ پێی دەڵێ: زمان وێنە دەکێشێ و وێنە شیعر و شیعر ماچ و ماچ چیرۆک و چیرۆک، ون بوون؛ ون بوونی زمانی ماچ و ...

پێتانم گوت: گرینگ ماچە تا زمان. سەرەتا ماچ بوو نەک زمان! زمان وشەیە بۆ نموونە ماچ!

جومعە کاتی پشوودان و ون بوونە، من مەرجانم لەم رۆژەدا ون کرد و بوو بە ئاو، پێش مەلابانگدانی نیوەڕوانی مزگەوتی جامیعە و لە گەرماوگەرم و قووڵایی خوتبەکانی مامۆستا لەبارەی هەڵبژاردنە قۆڕەکانی سەرۆککۆماریی ئێران، "بووین بە ئاو". خوتبە وەک باواگەورەم دەڵێ: "شەیتان لە هیچ و هەموو شوێنێکدا هەیە و بەردەوامیش ناوەستێ، ئەو هەیە و نیشە" ئەمە لە خوتبەدا یانی ئامریکا و ئامریکا یانی ئیسرائیل و ئەو دووەش یانی شەیتان و من و مەرجان و ماچ و باوەش و سینە و کڵێسا و مەریەم، یانی یەکشەممەی ئەم چیرۆکە تا جوومعە.

ئەم چیرۆکە لە یەکشەممەوە تا یەکشەممەی تر: اما بعدوا...شەیتان هەمیشە لەنێوان "من" و "تۆ"یە و سێهەمە، لە خوتبە و باواگەورەم دا دەزرینگایەوە. یانی "ئێمە" دوو کەسین، سەبا و سامی یانی دوو...سامی و مەیهەن یانی دوو...دوو یانی من و مەرجان، سێ یانی شەیتان و ماچ= ماچتان...

جومعە کاتی پشووە، هی مامۆستا و حەوتەی وەحدەت و پێشمەرگە موسڵمانەکانی کورد و شەرم و کورد و دوو و دوو و دوو...جومعانە فرووغ بێزار بوو... جومعانە کاتی پشووە، پشوو کاتی بێزارییە، بێزاری کاتی شیعرە و شیعر، یەکشەممان دوور لە مزگەوت و نێزیک لە کڵێسا و خوا، لە ماچێکدا دەبێ بە چیرۆکێکی حەوت قاشی حەوتانە...

دەزانم رۆژێک "من" لە شیعرێکدا لەبارەی ئەم چیرۆکەوە دەڵێت: جومعە یانی حەوت، حەوت یانی بەتاڵ...بەتاڵ یانی قودسی...

جومعە یانی یەکشەممە نا، دووشەممە نا، سێ و چوار و پەنجیش نا یانی حەوتی پیسی خەبیس، حەوتە یانی یەکشەممە مەسیحی نەبی، مزگەوتەکانت لەبەر بێ بەڵام لە کڵێسادا لەپێش چاوی قەشەیەکی مۆن و ئەو هەموو ئینجیلە ئیسلامییەوە ماچێک بکەی لە کچێکی فارس. کچێک کە تەنها یەک شەممان لەخۆی هەڵدەگرێ و ئیتر باقی پشووە بۆی و خەمی فرووغ و نۆستالۆژیای شەیتانیی ماچ و "من" و موقەدەس و کڵێسا و تاران و بەرەڵڵایی و "بێ" کاری،

تاران یانی ماچێ لە حەوتەیەک دا ون بکەی بۆ ئەبەد!

بۆ هەمیشە کوردێک لە خۆی دەپرسێ ئەمڕۆ تاران چەن شەممەیە؟